[KURDISH - SORANI] [A brief guide to NHS service in Scotland for Asylum Seekers and Refugees (AHBT)]

**کاتەکانی چاوەڕوانی**

خزمەتگوزاری NHS کاتی چاوەڕوانی هەیە بۆ چارەسەری. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم خزمەتگوزاریانە دەبێ دڵنیا بکاتەوە کە نەخۆشەکان بە کاتی خۆی و بە شێوازێکی کاریگەر چارەسەر دەکات.

ئەگەر لەلایەن پزیشکی گشتیتانەوە ڕەوانە کراون بۆ خزمەتگوزارییەکی دیکە، ئەوان دەبێ هۆکاری ڕەوانەکردنەکەی تۆ، کاتی چاوەڕوانی چاوەڕوانکراو، بەرپرسایەتی تۆ بۆ ئامادەبوون لە بەڵێنی دیدارەکان و کاردانەوەی ئامادەنەبوونی تۆ لە کۆبوونەوەکانت پێ ڕابگەیێندرێنن.

**یارمەتی لە بواری خەرجی چاودێری تەندروستی زیادە**

زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی خۆڕایین. لەگەڵ ئەوەشدا، داوا لە نەخۆشەکانی NHS لە سکۆتلەندا دەکرێت تا هەندێ خەرجی زیادە بدەن وەک خەرجی چارەسەری ددان، عەینەک، لینزی پەیوەندی، قژی دەستکرد و ڕاگرە قوماشییەکان.

هەموو نەخۆشە کەم داهاتەکانی NHS دەتوانن بۆ لێخۆشبوون لەم خەرجییە زیادیانە داواکاری پێشکەش بکەن بە تەواوکردنی فۆڕمێکی HC1 کە دەکرێ لە عەیادەکانی پزیشکی گشتی، نەخۆشخانەکانی NHS، دەرمانخانە و ڕێکخراوەکانی ڕاوێژکاری دابین بکرێت. ئەگەر داواکارییەکەتان پەسەند کرێت، بڕوانامەیەکی HC2 دەردەکرێت. نەخۆشەکان دەبێ کاتێک کە داوایان لێدەکرێت هەر جۆرە تێچووی زیادە بدەن، بڕوانامەی HC2ی خۆی پێشکەش بکات.

**بیرورا و سکاڵا**

ئەوانەی کە دەتوانی سکاڵای خۆت لە ئاست ئەوان ڕابگەیێنی بریتییە لە:

- چاودێری یان چارەسەرییەک کە لە NHS وەرتگرت یان تۆ دەگرێتەوە
- هەر شتێک کە پەیوەندی بەو شوێنەوە هەبێت کە پشکنینت بۆ دەکات، بۆ نموونە، عەیادەی دکتۆر، نەخۆشخانەیەک یان ئامبۆلانس(ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن)
- هەر یەک لە ئەندامانی ستافی NHS کە بەشدارن لە خزمەتگوزاری چاودێری تۆدا
- سکاڵا دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی خزمەتگوزاری ئێمە لە ناوچەکەتان، ئەگەر ئەم خزمەتگوزارییە کاریگەری داناوە لەسەر چاودێری یان چارەسەری تۆ

**چۆنیەتی سکاڵا**

تۆ دەبێ لەسەرەتادا لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی ستاف قسە بکەیت کە بەشدارن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تۆدا. ئەگەر ئەم کارە بکەیت، هەوڵ دەدەین هەر لەم شوێنە کار بکەین لەسەر سکاڵاکەت. ئەگەر ناتهەوێت قسە بکەیت لەگەڵ ستافێک کە بەشدارە لە خزمەتگوزاری چاودێری تۆدا، بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی باڵا داواکاری پێشکەش بکە.

ئەگەر دیسان نارازیت، دەتوانی سکاڵایەکی فەرمی دابین بکەیت لە بە نووسراوە بێت. ئەگەر حەز بکەیت، یارمەتیت دەدەین لە چۆنیەتی نووسین و ڕێکخستنی سکاڵا نامەکە. تۆ دەبێ ئەمانەی خوارەوە پێشکەش بکەیت:

- نا و ناونیشانی تەواوی خۆت (و ناو ناونیشانی نەخۆش ئەگەر تۆ لەجێگەی ئەو سکاڵا دەکەیت) و،
- زانیاری دەربارەی ئەو بابەتەی ڕووی داوە و کاتی ڕووداوەکەس.

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژکاری دەربارەی چۆنیەتی تەنزیمی سکاڵا، یان بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندیمان پێوە بکە لە ڕێگەی ناونیشانی خوارەوە:-

تەلەفۆن: 0141 201 4500

ئیمەیل: complaints@ggc.scot.nhs.uk

**ڕێنماییەکی کورت دەربارەی خزمەتگوزارییەکانی NHS لە سکۆتلەندا بۆ داواکارانی پەنابەری و پەنابەران (AHBT)**

**ئەم ڕێنماییە بە زمانەکانی خوارەوە لەبەردەستن**

کوردی، فارسی، عەربی، تیگرینیا، ماندرین، فەرانسەوی، ئۆردوو، ئەمهاری

## خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی سکۆتلەند (‘NHS’)

خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی لە سکۆتلەند بۆ هەمووان- بۆ نموونە داواکارانی پەنابەری و پەنابەران خۆڕاییە.

هەر کەسێک کە داواکاری پەنابەری پێشکەش کردووە، چ لە چاوەڕوانی وەڵامدا بێت و چ سەرکەوتوو نەبووە، تا ئەو کاتەی کە لە سکۆتلەند نیشتەجێیە ڕێک وەک هاووڵاتێکی بەریتانیایی مافی چارەسەری هەیە.

نووسینگەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی لە سکۆتلەند پێیانخۆشە لەڕێگەی پزیشکانی گشتییەوە (GPs) لەبەردەستدا بن. هەربۆیە ناونووسین لە نووسینگەیەکی خزمەتگوزاری پزیشکی گشتی زۆر گرنگە.

### دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی و ناونووسین لە لیستەی نەخۆشەکانی پزیشکێکی گشتیدا

1. لە کاتێکدا کە لە شوێنی سەرەتایی نیشتەجێبووندا نیشتەجێیت، داوات لێدەکرێت کە بکەویتە ژێر هەڵسەنگاندنێکی تەندروستی کە ئەم هەڵسەنگاندنە لەلایەن پسپۆڕانی تەندروستی چارەسەری NHS کە بەشێکن لە تیمی پەیوەندی تەندروستی پەنابەری ئەنجام دەدرێت. ئەم هەڵسەنگاندنە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی هەر جۆرە کێشە و گرفتێکی تەندروستی کە لەوانەیە پێویستی بە کاری بەپەلە هەبێت و هەروەها بە مەبەستی پەیوەندی لەنێوان تۆ و خزمەتگوزاری NHS ئەنجام دەدرێت.
2. ئەم تیمە، زانیارییەکانی تایبەت بە بارودۆخی تەندروستی تۆ لە ڕابردوودا و هەرئێستا کۆ دەکاتەوە و ئەم زانیاریانە دەخاتە بەردەستی خزمەتگوزارییەکی پزیشکی گشتی نزیک بە شوێنی نیشتەجێبوونی نوێی تۆ.
3. کاتێک لە شوێنی نیشتەجێبوونی نوێی خۆت دایت، کارتێکت بۆ دەنێردرێت لەلایەن NHS کە داگری زانیارییە دەربارەی پزیشکی گشتی ناوچەکەتان. بۆ ناونووسین و خۆتۆمارکردن، کارت و هەر جۆرە کارتی پێناسەی داواکراو لەگەل خۆت بەرە بۆ خزمەتگوزاری پزیشکی گشتی.
4. پزیشکی گشتی یان پەرستاری عەیادە لەوانەیە بیانهەوێت کە هەڵسەنگاندنی زیاتر ئەنجام بدەن لەسەر تۆ لە بواری تەندروستیدا.
5. تۆ هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ پزیشکی ددان و پزیشکی چاوی ناوچەیی خۆت زانیاری وەردەگریت.

## ڕێگایەک بەرەو خزمەتگوزاری چارەسەری

### ئەگەر گرفتێکی ئاساییت هەیە لە بواری تەندروستیدا

کاتێکی دیدار لەگەڵ پزیشکی گشتی خۆت ڕێک بخە. بە پێی کێشە و گرفتەکەتان لە بواری تەندروستیدا، پزیشکی گشتی تۆ یەکێک لە هەنگاوەکانی خوارەوە ئەنجام دەدات:

- بێ ئەنجامی هەرجۆرە کارێکی پێویستی دیکە لەگەڵ نیگەرانییەکەت ڕەفتار دەکات
- ڕەچەتەیەک دەدات بە تۆ بۆ دەرمان
- تۆ ڕەوانەی پسپۆڕێک دەکات (پزیشکی گشتی، لایەنی پەیوەندیدارە لەگەڵ خزمەتگوزارانی دیکە وەک خزمەتگوزاری تایبەت بە تەندروستی دەروونی، ئۆرتۆپێدی ، فیسیۆتراپی و پزیشکەوانی پێ)
- تۆ لە نەخۆشخانە وەردەگرێت

کاتێک خزمەتگوزاری گشتی داخراوە، ئەگەر دەتهەوێت لەگەڵ پزیشکێک قسە بکەیت، دەتوانیت بەخۆڕایی پەیوەندی بکەیت بە NHS 24 بە ژمارە تەلەفۆنی 111

### ئەگەر نەخۆشی یان برینی مەترسیدارت هەیە

سەردانی بەشی ڕووداو و فریاکەوتنی ناوچەیی خۆت بکە. کاتێک کە دەگوازێتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆت، نزیکترین ناوەندی فریاکەوتن لە شوێنی ژیانی خۆت بدۆزەوە.

### لە کات و حاڵەتی فریاکەوتندا

پەیوەندی بکە بە 999

### وەرگێڕانی زارەکی بۆ خزمەتگوزاری NHS

بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکانی NHS، بۆ نموونە خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە نەخۆشخانە و بەڵێنی دیدارەکان لەگەڵ پزیشکی گشتی، پزیشکی ددان، پزیشکی چاو، پسپۆڕانی نەخۆشییەکانی پێ، دەرمانسازان و هتد مافی بوونی وەرگێڕێکی زارەکیان هەیە. یەکێک لە ئەندامانی ستاف دەبی بۆ تۆ ئەم وەرگێڕە بگرێتەوە.

## پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری چارەسەری کە دەتوانێت ڕاستەوخۆ دەستت پێیان بگات

### پزیشکە گشتییەکان (GPs)

پزیشکێکی گشتی، پزیشکێکی خێزانییە و وەک خاڵی سەرەکی دێتە ئەژمار بۆ پەیوەندی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری گشتی بە نەخۆشەکانی NHS. ئەوان یارمەتی نەخۆشەکان دەدەن لە ئاراستەی کۆنترۆڵی بارودۆخی تەندرۆستیان و بەرگری لە نەخۆشی و ڕاهێنانیان بینیوە لە هەموو ڕەهەندەکانی پزیشکی گشتیدا.

### دەرمانسازان

شوێنی دەرمانسازان لە فرۆشگا ناوچەییەکان و شەقامە سەرەکییەکانە. ئەوان دەتوانن لە پەیوەندی لەگەڵ دەرمان ڕاوێژکاری پێشکەش بکەن و لەپەیوەندی لەگەڵ ئازاری سووک یارمەتیت بدەن.

### پزیشکانی ددان

بۆ تۆمارکردنی ناوی خۆت لە ژێر ناوی نەخۆشی پزیشکی ددانی NHS ، سەردانی پزیشکێکی ددان بکە لە ناوچەی خۆت. پزیشکی ددانی تۆ بۆ پاراستنی تەندروستی دەم، ددان و پووکی تۆ خزمەتگوزاری چاودێری، ڕاوێژکاری و خزمەتگوزاری چارەسەری پێویست پێشکەش دەکات.

### پزیشکانی چاو

پزیشکانی چاو بەخۆڕایی پشکنینی چاوی NHS ئەنجام دەدەن کە ئەم خزمەتگوزارییە بۆ هەموو دانیشتوانی بەریتانیا کە لە سکۆتلەند دەژین لەبەردەستە.